




# روانگە..
# لە دروشمەوە بەرەو داهێنان

**جەلیل کاکەوەیس**

چل و یەک ساڵ بەسەر رەوتی روانگە و بانگەواز و چالاکی و دروشمەکانیدا تێپەڕیوە، کاتی خۆی و دواتریش لەلایەن لایەنگرانی و نەیارانییەوە زۆری لەسەر نووسرا. ئەوانەی رەتیان دەکردەوە دوو جۆر بوون، جۆرێکیان دوور لە دنیای داهێنانی ئەدەبی و هونەری بە دەستێکی ئایدیۆلۆژیی سیاسییان دەزانی و پێیان وابوو بزوتنەوەی روانگە پەرچەکردارێکی سیاسییەو دژی دیوەکەی تری نەیارە. جۆری دووەمیان ئەوانە بوون کە هەر لە نێوەندە ئەدەبی و هونەرییەکەی ئەو سەردەمە لەگەڵ چێژی دەق پێوەگرتووی قۆناغی گۆران و دوای گۆران راهاتبوون و پێیان وابوو رەوتی روانگە بە خۆی و کەرەسە نوێیەکانییەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی تەلاری جوانی پێشوومان و پێشەنگەکان هاتووە و سەری هەڵداوە.

لایەنگرانی روانگەش دوو جۆر بوون، جۆرێکیان ئەزموونێکیان لە داهێنان هەبوو، ئەمانە تا رادەیەک نەرم و میانڕەو بوون و دەیانەویست لە کار و راهێنانی هزری و ئەدەبی و هونەری بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوە رەسەنەکانی کوردەواری و ئەو ماکە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئایینی و هونەرییانە بژێننەوە، کە خەریک بوو لە یادەوەریی نەوەکاندا شوێنەواری نەمێنێت.
جۆری دووەمیان کۆمەڵە لاوێکی خوێنگەرم و بە کەفوکوڵی ئەو سەردەمە بوون، تەمەنی ئەزموونی داهێنانیان کەم بوو، بە زۆریش شاعیر بوون. ئەم شاعیرە لاوانە هەرچەندە لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی روانگە نەبوون، بەڵام لە دامەزرێنەران بۆ سەرگرتنی بانگەوازەکە پەرۆشتر بوون، بە رادەیەک دەیانەویست کردە و کۆشەی پیش خۆیان وەلاوە بنێن و مێژووی ئەدەب و هونەری کوردی لەوانەوە دەست پێ بکات، بە جۆرێ دروشمی (کۆن بۆ دەریا)یان بەرز کردبووەوە، ئەم دۆخە وای کردبوو کە روانگە لە سەرەتادا ئاسۆیەکی روونی نەبێت، چونکە هەر لەناو شاعیرە خوێنگەرمەکانی ئەوسادا شاعیری گەورە لەتیف هەڵمەت چەند لە خودی خۆیدا پەرۆشی نوێگەری بوو، کەچی بە رووی روانگەدا هەڵدەشاخا و دەیوت «روانگە هێلکەیەکی پیس بوو هیچی هەڵنەهێنا».
بۆ بەدواداچوون و خوێندنەوەیەکی دروستی رەوتی روانگە و سەردەم و ژینگەکەی باشتر وایە لە بانگەوازەکەی روانگە و ئەو دەقانەی لەو سەردەمەدا بڵاوبوونەوە وردبینەوە، چونکە لەوێدا هەڵوێست و گەرموگوڕیی بزووتنەوەکە و هێڵە سەرەکییەکانی دەدۆزینەوە، بێگومان لەو دەقانەدا چەندین هێما و کۆدی تازە هەن و بۆ یەکەم جار لە دەقی کوردیدا بەکارهێنراون، گەر توێژەری ئەمڕۆ بە چاوی ویژدانەوە بڕوانێتە ئەو کۆد و هێمایانە، کە لەو دەقانەدا بەکارهێنراون، دەگاتە ئەو راستییەی کە ئەو دەقانەroوویان کردووەتە ئاراستەی قووڵایی مێژووی میللەتەکەمان، گەرچی هەندێکیان سەرچڵانە بەکارهێنراون و خراونەتە ژێر تەمومژێکی زۆرەوە، بەڵام لەگەڵ رەوتی رۆژگاردا ئەو هێمایانە بەرەو کامڵی چوون و بە باری دروستی خۆیاندا بەکارهێنراون.
گەر لێم نەگیرێ من رەوتی روانگە بە وەرچەرخانێکی مەزنی مێژووی ئەدەب و هونەری میللەتەکەمان دەزانم و لەو رەوتە ئەدەبی و هزرییە جیهانییانە بە کەمتری نازانم کە دواتر پەیڕەوکران و ماوەیەکی زۆر لە بوارە جیاجیاکانی ئەدەب و هونەر ئەزموونیان لەسەر کرا و دەقی ناوازە و شاکاریان بەرهەمهێنا.
پێم باشە لایەک بە لای بانگەوازەکەی روانگەدا بکەمەوە، کە لە ١٩٧٠/٤/٢٥دا بە ناونیشانی (بانگەوازێک لە روانگەی ئەدەبی کوردیی نوێمانەوە) بە مۆری ئەم پێنج شاعیرو چیرۆکنووسە (شێرکۆ بێکەس، حسەین عارف، کاکەمەم فەخری بۆتانی، جەمال شارباژێری، جەلال میرزا کەریم) بڵاوبووەتەوە. ناکرێ لێرەدا تێکڕای دەقی بانگەوازەکە دووبارە بکەمەوە، بەڵام لە سەرەتای بانگەوازەکەدا ئەم دەستەواژەیە (وشەی شۆڕشگێڕو بەهرەی تازەکردنەوەی لەبن

# هەموو وەرچەرخانێکی هزری و ئەدەبی لە سەرەتادا لە دروشمی زەق و بڕێ جار سیاسیش بەدەر نییە

نەهاتووی هەردەم جەنگاوەرێکی ئازا و نەبەرد بووەو دەنگی زولاڵی سەربەستی و ئازادی دوژمن کەڕکەری نەتەوەکەمانی وەها بەرزکردووەتەوە کە لەپێشا خۆمان و ئینجا دونیای دەرەوەی لەهەر یەکێک لەو قۆناغانەدا پێ ناسیون، بۆیە هەر راپەڕینێک لە مێژووماندا تەقیبێتەوە هەر زوو لە کوانووی ئەدەبیماندا تاوی سەندووە ...) سەرنجی راکێشام. هەرچەندە ئەم پەرەگرافە لە دروشمکاری بەدەر نییە و پتر بە دروشمێکی سیاسی دەچێت، بەڵام لە کۆتاییدا دروشمەکە بەلای داهێناندا هۆدەداتەوەو دەیکات بە هەوێنی داهێنانی ئەدەبی. رەنگە ئەمە بە خەوشێکی ئەوتۆ دانەنرێ، چونکە هەموو وەرچەرخانێکی هزری و ئەدەبی لە سەرەتادا لە دروشمی زەق و بڕێ جار سیاسیش بەدەر نییە، هۆکارەکەیشی هەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە پاش پەنگخواردنەوەیەکی دوورو درێژ بەیاننامە، یان رێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠ جۆرە ئازادییەکی لەگەڵ خۆیدا هێناو هەر لەنێو ئەو جۆش و خرۆشە میللییەی ئەوسادا دوای مانگێک بەیاننامەی روانگە بڵاوبووەوە. ئەوەی لێرەدا مەبەستمە رەوتی روانگە بە بانگەوازو دەقەکانییەوە گەر لە سەرەتادا دروشمکاریش بووبن، ئەوا لە دواییدا ئاوێکی وای رشت نێوەندی ئەدەبی و هونەریی ئەوسا پەیرەویان کرد و بوو بە قوتابخانەیەکی بەرچاو و دەیان داهێنانی لەسەرکرا.

ئەوەی من بۆخۆم ئەوەندەی ئاگاداری ئەو سەردەمەم و شتی پەرتەوازەم دەربارەی خوێندووەتەوە، لە سەرەتادا لەبارەی کەوتنە سەرپێی روانگە دوو دڵییەک لە نێوەندی ئەدەبی ئەوسادا هەبوو، هەندێک پێیان وابوو کەفوکوڵێکەو زوو دادەمرکێتەوە، هەندێکیش لە ئاسۆیەکی گەش و خاوەن ئایندەوە تێیان دەڕوانی. ئەوەتا دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسول لە ژمارە (٢)ی گۆڤاری (بەیان)یساڵی ١٩٧٢ ئاوها دەڵێت؛ (روانگە تەوژمێکی ئەدەبییە بناغەکەی بیری بورژوازی بچووکەو گەڕانی چەند هونەرمەندێکی بە بەهرەیە بەدوای راستیدا، جا یا ئەگاتە ئەو راستییە کە بەلای منەوە ریالیزمی سوشیالیستە، یان نایگاتێ و لەجێی خۆیدا وشک ئەکات...). رەنگە نەکرێ بە دیدی ئێستاوە بڕوانینە ئەو بۆچوونەی دکتۆر، چونکە بۆچوونەکە مۆرکێکی ئایدیۆلۆژیی ئاشکرای پێوە دیارە و هەر لەو دیدەوە دوودڵییەک بەرانبەر رەوتی روانگە دەردەبرێت، رۆژگاریش ئەوەی سەلماند کە رەوتی روانگە دوای کامڵبوون و خەملاندن پتر لە بۆتەی نەتەوەیی و بەگژداچوونەوەی زۆردارانی نەتەوەکەمان قاڵبووەوەو زۆربەی دەقەکانیش ئەو ماکەیان تێدایە.

لە راستیدا لە سەرەتای بزوتنەوەی روانگە کۆمەڵێ ماک و هزری پەرتەوازە دەڕژانە نێو کەناڵی روانگەوەو زۆر بە خێرایی دەقۆزرانەوە، بەتایبەتی شاعیرە لاوەکان، وەک چاولێکەرییەک، یان نیمچە چاولێکەری دەربڕینی لێک نزیکیان بەکاردەهێنا. شەپۆڵەکان بریتی بوون لە هزری رۆژاوایی وەک بوونگەرایی و بێهوودەیی و سوریالیزمی و دادانیزمی و زۆری تر، هەندێکیان مەیلیان بەرەو کولتووری نەتەوەیی و ئایینی

> گەر لێم نەگیرێ من رەوتی روانگە بە وەرچەرخانێکی مەزنی مێژووی ئەدەب و هونەری میللەتەکەمان دەزانم و لەو رەوتە ئەدەبی و هزرییە جیهانییانە بە کەمتری نازانم کە دواتر پەیڕەوکران و ماوەیەکی زۆر لە بوارە جیاجیاکانی ئەدەب و هونەر ئەزموونیان لەسەر کرا و دەقی ناوازە و شاکاریان بەرهەمهێنا.

کۆنی کورددا دەشکایەوە. ئەوهاش دەتوانین بڵێین ڕەوتی ڕوانگە لە سەرەتادا بە هەڵپەو خێراییەکی زۆرەوە دەیەویست سرووش لە کەناڵی هەمەچەشنە وەربگرێت و دەقی نوێیاوی لێ فەراهەم بکات. یەکێ لە کەناڵە سەرەکییەکان هەستی متبووی چەوساندنەوەی نەتەوەیی بوو، کە دەیان ساڵ بوو نووسەران و هونەرمەندانی کورد مەلی وشەیان لە قەفەزی چەوساندنەوەدا بەندکرابوو، بەڵام دوای ئازادیی ساڵی ١٩٧٠ ئەو توانا متبووانە تەقینەوەو ڕەها بوون، ئەمەش زەمینەیەکی ڕەخساندو بەشێک لە نووسەرە نوێخوازەکان بەرەو کولتووری نەتەوەیی و ئایینی کۆنی کورد (زەردەشتی) و شتە لەبیرکراوەکانی نێو مێژوو زیندوو بکەنەوە، بەشێکی دیکەیان هەوڵیان دەدا شوێنپێی مەزەبە ئەدەبییە یاخییەکانی جیهان هەڵبگرن، هەموو ئەمانەش بەخێرایی و لەماوەی نیو دەیەدا لە دەقی ئەو سەردەمەدا ڕەنگیان دایەوەو فەرهەنگێکی تایبەتییان لە ڕەوتی ڕوانگە دروست کرد، کە پێم وایە فەرهەنگێکە لە فەرهەنگی ئەدەبیاتی پێش خۆی جیای دەکاتەوە.

گەر زێدەڕۆیی نەبێت ڕەنگە بتوانم بڵێم ئەو ئاوەی کە ڕوانگە ڕشتی تا ڕۆژی ئەمڕۆمان ماکی هەر ماوەو خەڵکانی دوای ڕوانگە پەرەیان بە فەرهەنگی ڕەوتەکە دا و توانییان داهێنانی دانسقە بەرهەم بهێنن. پێم وایە یەکێ لەو دابە ئەدەبییەی کە ڕوانگە لەگەڵ خۆیدا هێنای، بوێریی دەربڕینە، کە پێش ڕەوتی ڕوانگە جگە لە چەند دەقێکی پەرتەوازەو تاقەکەسی وەک (لەخەوما)ی جەمیل سایب و شیعری (بیست و حەوت ساڵە)ی بێکەس و (وەفدی کوردستان)ەکەی پیرەمێرد نابینین، کە ئەوها بوێرانە پەردەی شەرمنۆکیی لە ڕووی دەربڕین هەڵبماڵێت و قسەی خۆی بکات.

لایەنێکی دیکەی سیمای ڕەوتی ڕوانگە گەڕانەوە بوو بەرەو هێما متبووەکانی نێومێژووی میللەتی کورد و هێماکردن بە کەسانی نێو داستانە میللییەکان وەک مەم و زین و شیرین و فەرهاد و خانی لەپزێڕین و ئەوانی دی. دیاردەیەکی دیکە مامەڵەکردن بوو لەگەڵ زاراوە ئایینییەکان و ئاماژەکردن بەناوی سۆفییە ناودارەکانی جیهانی ئیسلامی، وەک حەلاج و سەهرەوەردی ئەوانی دی، لەهەمان کاتدا وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، لەنێو ڕەوتی ڕوانگەدا مەیلی گەڕانەوە هەبوو بەرەو ئایینی زەردەشتی، بۆیە دەبینین لە زۆربەی دەقی ئەو سەردەمەدا هەوڵدراوە سرووت و پەیامەکانی ئەو ئایینە تێهەڵکێشی دەقەکان بکرێ، وەک وشەگەلی ئاهورامزدا و ئەهریمەن و ڕووناکی و تاریکی، کە هێمابوون بۆ هەردوو هێزی خێرخوازو شەڕخواز، هەر لە سۆنگەی ئەم مەیلەوە نەیارێکی زۆر لەو سەردەمەدا بۆ ڕەوتی ڕوانگە پەیدابوو، بەتایبەتی یەکێتیی زانایانی ئایینی بە توندی ڕەوتەکەیان ڕەت کردەوە.

جگە لە هێما نەتەوەیی و میللییەکانی نەتەوەی کورد، ڕەوتی ڕوانگە کۆمەڵێ هێمای لە دەرەوە هێنا و وەک هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەو هێمای

# یەکێ لەو دابە ئەدەبییەی کە روانگە لەگەڵ خۆیدا هێنای، بوێریی دەربڕینە

چەوساندنەوەی میللەتانی ژێردەست لەگەڵ دەقی ئەو سەردەمەدا تێهەڵکێشی کرد، وەک وشەی ڤێتنام و قولەڕەش و فەلەستین، ئەمانەشی بەرانبەر چەوساندنەوەی نەتەوەیی کورد بەراوردو هاوسەنگ دەکرد، یان تەنها ئاماژەی بە دراوی وڵاتانی کۆلونیالی دەکرد، وەک (دۆلار) کە ئاماژە بوو بۆ داگیرکاری. هەموو ئەم هێمایانە زۆر بە خێرایی لەنێو دەقی ئەدەبی و هونەریی ئەو سەردەمەدا رەنگیان دایەوەو تێکەڵی فەرهەنگەکەی بزووتنەوەی روانگە بوون.

رەوتی روانگە وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد بانگەوازەکەی لەلایەن تەنها پێنج شاعیرو چیرۆکنووسەوە مۆرکرابوو، بەڵام نووسەرێکی زۆر پشتیوانیی بانگەوازەکەیان دەکرد، هەرچەندە کەسانی تری نوێخواز لە دەرەوەی بانگەوازەکە بەهەمان نەفەسی نوێخوازییەوە کاریان کردبوو، بەڵام جۆرە گرژییەکیان لەگەڵ رەوتەکەدا هەبوو، چونکە خۆیان پێشتر دەستپێشخەرییەکیان لە نوێخوازیدا هەبوو، وەک لەتیف هەڵمەتی شاعیر پێم وایە ساڵێک پێش بانگەوازەکەی روانگە، دیوانی (خواو شارە بچکۆلەکەمان)ی چاپ کردبوو، لە بواری چیرۆکیشدا سەدرەدین عارف چەند چیرۆکێکی بڵاوکردبووەوە، وەک (کوێرە رێیەکی ژیان) کە ساڵی ١٩٦٧ لە گۆڤاری (برایی) بڵاوی کردبووەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەموو رێچکەکان یەکیان گرتەوەو کەوتنە نێو تەوژمی روانگەوە و تێکەڵی فەرهەنگەکەی بوون و دواتریش هەردوو چیرۆکنووس لەتیف حامیدو ئەحمەد شاکەلی بەرهەمی خۆیان لە گۆڤاری روانگەدا بڵاودەکردەوە.

گەر بە وردی بە مێژووی رەوتی روانگەدا بچینەوە، دەبینین بەشێک لە خودی بانگەوازەکە یان بەیانەکە -ئەمەش بۆ ئەو سەردەمە شتێکی تازەیە- بریتییە لە دروشمی زەق، بەڵام دروشمەکانی هی پارتێکی سیاسی، یان گروپێکی سیاسیی پاوانخواز نەبوون -هەرچەندە بۆنی چەپیان لێ دەهات- بەڵکو بانگەڵای کۆمەڵێ نووسەری وریاو بەئاگابوو. جگە لەمەش دروشمی سەرەکیی رەوتی روانگە بریتی بوو لە (وتەی نوێ، بیری نوێ، کرداری نوێ) کە هەمان دروشم و پەیامی ئایینی زەردەشتەو لەم وشانەوە بە دەستکارییەوە وەرگیرابوون (بیری چاک، گوفتاری چاک، کرداری چاک). ئاوهاش پێم وایە هەر دروشمەکان خۆیان گەڕانێکن بەدوای مێژوویەکی شێوێنراو و ونبوو. راستە لە سەرەتادا وەک کەفوکوڵێک دەبینران، بەڵام وردە وردە لەگەڵ کامڵبوونی ئەزموونەکەدا دروشمەکانیش جێگەی خۆیان لە نێو هزرو خەیاڵی نووسەراندا کردەوەو دەیان هزرو خەیاڵی بزێو و بوێریان لەنێو دەقی روانگە رەنگڕێژ کرد.

رەوتی روانگە بە بانگەوازو دەقەکانییەوە گەر لە سەرەتادا دروشمکاریش بووبن، ئەوا لە دوایيدا ئاوێکی وای رشت نێوەندی ئەدەبی و هونەریی ئەوسا پەیرەویان کرد و بوو بە قوتابخانەیەکی بەرچاو و دەیان داهێنانی لەسەرکرا